## ئەگەر سەفیری کورد ئەوها سوکایەتیمان پێ بکات
## سەفیری عەرەب دەبێت چیمان پێ بکات؟

**هەلگورد - بۆستن**
halgord75@yahoo.co.uk

**(ئەحمەد بامەرنی: بەر دەرگەی باڵیۆزخانەمان پێئەگرن‌و ئەڵێن: ئەگەر پیاون وەرنە دەر)**

ئەمە ناونیشانێک بوو کە لە ماڵپەری ئاوێنەدا کەوتە بەرچاوم ...بە تەنیشتیەوەش وێنەیکی سەفیری عیراقی لە سوید لێ درابوو کە ترسێکی زۆر لە سەر روخساری بەدی دەکرا... هەر کە چوومە درێژەی بابەتەکە سەفیر باسی ئەو خەڵکانە دەکات کە ناو و ناونیشانیان گۆریووەو داوای لێ دەکەن کە رەزامەندی لە سەر ئەو بەڵگەنامە سەختانە دەربرێت...ئەویش خوا هەلناگرێت دەڵێت بەداخەوە ناتوانین یارمەتیان بدەین...

لە پێشدا لە دڵی خۆمدا ووتم ئەم خەڵکە چەند بێ حەشرو نەشرن بەم شێوەیە سوکایەتی بە جەنابی سەفیری کورد دەکەن، هەر لە خۆمەوە سۆزیکم لە لا دروست بوو کە بچم پاسەوانی حەزرەتی سەفیر بکەم هەرچەندە خۆشم ئەوندە ئازا نیمە بەڵام هەر هزرێک بوو بۆم هات...بەڵام شوکر بۆ خوا کە بەردەوام بووم لە سەر بابەتەکە سەفیر دەڵێت ( کاکە ئێمە لە سەددام نەترساین، ئێستا لە هەرەشە و چەقۆی دەستی ئەوانە چۆن ئەترسین) ئینجا زانیم ئەو برادەرە پێوستی بە یارمەتی من نیە. ......

بە هەر حاڵ ئەمە بابەتە سەرەکیەکەی من نیە....ئەوەی من دەمەوێت باسی لێەوە بکەم ئەوەیە هەر کە زیاتر پرسیارەکانم خوێندەوە؛ پرسیارێکی تر لە جەنابی سەفیرکرا بوو:

( تۆ خۆت باڵیۆزێکی کوردیت، کەچی دژی کردنەوەی بەشی هەرێمی کوردستانیت لە باڵێۆزخانەکانی عیراق. بۆ؟؟؟؟)

پرسیارەکەم تۆزێ لە لا سەیر بوو بەڵام لەو سەیرتر وەڵامەکەی بوو ..

خوێنەرانی بەرێز سەیری وەڵامەکەی جەنابی سەفیری کورد بکەن!!!!!!!!!!!!!

(راستە ئەم برگەیە لە دەستوری عیراق نوسراوە. بەڵام بە بروای من کارێکی باشە نییە. سیستەمی کاری باڵێۆزخانە،سیستەمێکی هەرە میە، واتە زۆربەی کارەکان پێوستە بچێتەوە لای بالیۆز تا رەزامەندی لە سەر بدات پاشان دەڵێت: ئەگەر باڵێۆز هاوکار نەبوو ...ئەو کات ئەبێت نوینەری هەرێم بۆ خۆی هەر چا بخواتەوە).

بەو شێوەیەیی کە سەفیری کورد باسی هەرێم دەکات گوایە خۆیی نوێنەری شاری رومادیە.

ئاخۆ دەبێت سەفیر لێرەدا مەبەستی ئەو سەفارەتانە بێت کە سەفیریان عەرەبە و حەز ناکات نوێنەری هەرێم کە هیچ دەستەڵاتێکیان نابێت خۆیان سوک بکەن...؟؟هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەمە مەبەستی بێت چونکە وابزانم لێرە ئەو زیاتر باس لە دەسەلاتی خۆی دەکات.

با بە بیر ئەو هەڤاڵە بێنمەوە کە ئەو سەفیری کوێیە؟

کاک ئەحمەد تۆ سە فیری ووڵاتێکی کە پێش چەند هەفتەیەک لە چەند شارێکدا ولایەتی ئیسلامیان راگەیاند، هەر لە دەستوری ئەم ولایەتە شدا بزن قەدەغە کراوە چونکە بە گیانلەبەرێکی (بێ حەیایە) وەسفی یان کردوە...... تۆ سەفیری ووڵاتێکی کە حکومەتەکەت بە یارمەتی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەسەڵاتی تەنها بە سەر گەرەکێکی پایتەخت هەیە پێی دەڵێن (گرین زۆن)....تۆ سەفیری ووڵاتێکی یەکێکی وەکو مقتدا سەدر حوکمی نیوەی دەکات و وەسفی ئەم زاتەش بۆ خۆتان بە جێ دەهێڵم.....کەواتە ئەو هەرێمەی کە جەنابتان سوکایەتی پێ دەکەن تاکە هەرێمە لەو ووڵاتە وێران بووە کە سەفیرێک بە سەربەرزی لە دەرەوە باسی لێوە بکات...ئاخر جەنابت خۆت لە سویدی هەلبەتە ئاگادارن لە وەی کە حکومەتی سویدی دەمێکە هۆشداری داوەتە خەڵکی خۆی کە تەنها سەفەر بۆ ئەو هەرێمە بکەن لە عیراق.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تر دیارە کاک ئەحمەد لە بیری چووە کە چۆن گەیشتۆتە ئەم شوێنە...برام دەنگی خەڵکی ئەم هەرێمە بوو تۆی لەم شوێنە دانا.... هەتا لێپرسراوەکە شت کە وەزیرەی دەرەوەیە هەر ئەم هەرێمە دایناوە

..جێگری سەرۆک وەزیران ئەم هەرێمە لەوێی داناوە جەنابی سەرۆک کۆمار هەر نوێنەری ئەم هەرێمەیە کە تۆ بەم شێوەیە باسی دەکەی...

لە کۆتایدا ئەڵێم ڕاستە من چاوەڕێی پوختەی چاوپێکەوتنەکەم نەکردوە بەڵام کاک ئەحمەد کە ئستا خۆی بە سەفیر دەزانێ دەبێت رەچاوی دیبلۆماسیەت لە ئاخافتنەکانیدا بکات، بەرێزتان کە ئەوەندە لە سیستەمی باڵیۆزخانە شارەزان کە هەر وەکو خۆت باسی دەکی سیستەمێکی هەرەمەکیە، دڵنیام دەشتوانیت دەستەواژەی: ( ئە گەر من هاوکاری نوینەری هەرێم نەبم دەبێت هەر چا بخواتەوە ) بە شێوەیەکی شارستانی تر بڵێیتەوە.

لە قسەکانی سەفیریش وا دیارە خۆی سەری زۆر قاڵە..دیارە هەموو لایەکیش ئاگادارین کە سەفیرانی ئێستای عیراق بگرە هەموو ئەوانەش دوای داگیرکردنی کوێت هیچ کارێکیان نەبوو بێجگە لە چا خواردنەوە.نەبێت.

---

تێبینی: زۆر جار ووشەی (سەفیرم) بە کارهیناوە جونکە نوێنەرانمان لە خۆشی نازناوەکانیان خەریکە هەر میلەتەکە شیان لە بیر دەچێتەوە.